# بۆنی شکست

خولیا حسێن/کەنەدا



**3.17.2005**

زەمەنێکە
شەپۆلەکانی ئەم عەشقە
یاری بە ئاوێنەی روونی,
دڵم دەکا و
هەر رۆژەی پارچەیەکی
دەکێشێ بە
تاشە بەردێکی رۆخ دەریای
نائومێدی,
تەمەنێکە وا راهاتووم,
هەموو شەوێ
خەناوکەیەک
لە زەنگیانەو
موورووە رەنگاو
رەنگەکانی
خەون و خۆزگە سپیەکانم
بهۆنمەوە
کەچی گەردنی ئەوینم

ملوانکەیەکی پەلکەزێرینەیی
لە گەردنی خۆی نەبینی,
من فێر نەبووم
بۆ ساتێکیش
بۆنی شکست
لە رۆحم بێ و
دابنیشم
بەدیار کوانووی
پر لە سووتووی
خەونەخۆڵەمێشییەکان
کەچی ئەمشەو
من شۆرەسواری نوشوستی و
دایە گەورەی
فەرهەنگی گشت
خەمەکانم,
رەنگە ئەمە
سەرەتای چرکەی کۆتایی
لەرینەوەی ژێیەکانی
گیتارەکەی
ئەو هەستەبێ
سەردەمێکە
هەموو شەوێ
چاوی دڵم کلرێژ دەکاو
گۆرانی سۆزم
بۆ دەڵێ,